گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕووداو لە لیریک و ئیپیک لە ئەدەبی میللی کوردیدا

د. ازاد محمد سعيد
بەشی کوردی کۆلێژ پەروەردە, زانکۆی کۆیە، هەولێر، عیراق.
azad.mohammed@koyauniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:٢٠٢٠/١/٨
پەسەندکردن:٢٠٢٠/٣/٩
بڵاو کردنەوە:زستان ٢٠٢٠

ووشە سەرەکییەکان:
*Event , Lyric , Epic , The difference between event in lyrica & Epic , The Popular Kurdish literature*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.5.1.2

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناو نیشانی ( ڕووداو لە لیریک و ئیپیک لە ئەدەبی میللی کوردیدا) لە دوو بەش و پێشەکی و ئەنجام و پوختەی بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە . لە بەشی یەکەم لە تەوەری یەکەمدا پێناسە و چەمکی ڕووداو و لیریک و ئیپیکە ، لەتەوەری دووەمدا ڕووداو لە لیریک و ئیپیک لە ئەدەبی کوردیدا لە بەشی دووەمدا جیاوازی ڕەگەزی ڕووداو لە لیریک و ئیپیکدا تەوەری دووەم پێکهاتووە لە چەند نموونەیەکی ئەدەبی میللی کوردیدا . دیارە فەزای ڕووداو لە هەندێک لە ژانری ئەدەبیدا کورتە و لە هەندێکی دیکەدا درێژە بەپێی بنەمای هونەری هەریەک لە لیریک و ئیپیکدا ڕووداو جیاوازیان هەیە لە ڕووی فەزای کورتی و درێژی و کات و زۆری کەسێتی و فراوانی شوێنەوە ، لەم ڕووەوە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین لە پێنج خاڵدا دیاریمان کردووە ، نزیکەی شازدە سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئەلیکترۆنیم بەکار هێناوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

فۆلکلۆر بە گشتی ئەو گەنجینە نەتەوەییەیە کە گەل و نەتەوە خاوەنییەتی ، هەر نەتەوەێک شانازی بە کەلەپوری خۆی دەکات وەکو سەرخانێک . ئەدەبی میللی پانتاییەکی فراوان لە فۆلکلۆر لەخۆ دەگرێت ڕووداو لە لیریک و ئیپیک لە ئەدەبی میللی کوردیدا ناو نیشانی بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە . داستان فۆڕمێکی گەورەیە دەچێتە قالبی ئیپیکەوە ، بە شیعر دەنووسرێت ، ڕووداو گەلێکی زۆر و کاتێکی زۆر و لە شوێنێکی فراواندا بەرجەستە دەکات ، بەم ڕەگەزانە دەناسرێتەوە : گەورەیی شەڕ و خۆشەویستی مەزن و پاڵەوانی ئەفسوناوی لە خۆ دەگرێت . لە لیریکدا چەندین فۆڕمی بچووك و فۆڕمی گەورە دەبینین ، بەڵام نوسەرانی ئیپیك فۆڕمە گەورەکانی وەکو داستان و ڕووداوە گەورەو فراوانەکان لە خۆ دەگرن ، ڕووداو لە ڕووی تیۆرییەوە ، ڕووداو سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە ، ڕووداو هەیە بە زنجیرە ئاساییەکەی خۆی کە تیایدا کاتی فیزیکی پەیڕەو دەکرێت ، هەروەها ڕووداوی بازنەیی و ڕووداوی بەیناو بەین یان ڕووداوی تەریب ، ڕووداوی تێکهەڵکێش .. هتد . زمان نهێنییەکە لە نهێنییەکانی مرۆڤ لە دوای دەرکەوتنی نوسین ئەم نهێنییە گواسترایەوە بۆ هونەر، مرۆڤ لە ئەدەبدا زمانی بۆ هەر ژانرێکی ئەدەبی بە شێوازێك بەکار هێناوە . ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەک و دوو بەش و ئەنجام و کورتەیەک لە لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی خراوەتە ڕوو ، بە لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت ، بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە تەوەری یەکەم پێناسە و چەمکی هەریەک لە لیریک و ئیپیک و ڕووداو خراوەتە ڕوو ، لەتەوەری دووەمدا لیریک و ئیپیک و ڕووداو لە ئەدەبی میللی کوردیدا بە نموونەوە خراوەتە ڕوو ، لە بەشی دووەم لە تەوەری یەکەمدا جیاوازی ڕووداو لە نێوان هەر یەک لە لیریک و ئیپیکدا ، لە تەوەری دووەم پراکتیزەکردنی چەند نموونەیەکی فۆڕم و ڕووداوی کورت و فۆڕم و ڕووداوی درێژ خراوەتە ڕوو .

### بەشی یەکەم


#### تەوەری یەکەم : پێناسە و چەمکی ڕووداو و لیریک و ئیپیک .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووداو یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی ئەدەب بەگشتی هەر وەکو کەسێتی و کات و شوێن ؛ بابەتی بێ ڕووداو کرچ وکاڵە " یەك ڕووداوی تەواوە "واتە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت "هەروەها ڕووداو لاسایی کردنەوەی کردارە "(عوسمان ، ٢٠١٠ : ١٥-١٦) ڕووداو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا کارێکی شیاو یان نەشیاو بەسەر مرۆڤەکان دێت و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە ، گۆڕانێکی ئاسایی یان نائاسیی لە ئەنجامی ململانێ و هەڵکشان دێتە ئاراوە ، ڕووداو بەرەو لوتکە بەرەو چارەسەر بوونی گرێ دەچێت ، لە لوتکەدا وەرچەرخان ڕوودەدات بەلایەنی خۆشی و لایەنی ناخۆشییەوە ، دواتر خاو بوونەوەی گرێ و چارەسەر بوونی تەنگژە و ئاسایی بوونەوە دێتە کایەوە ، خاڵە وەرچەرخانەکە خوێنەرو بیسەر و تەماشاکەر سەرسام دەکەن و چێژی لێ دەبینن لە دیمەنە خۆش و ناخۆشەکاندا .

""ڕۆلان بارت ١٨٩٦-١٩٨٣ " لە میانی توێژینەوەیدا لە بنیاتی دەقی ڕۆمان و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیدا ، هەمان تێڕوانینەکانی فۆڕمالیستەکان دووپات دەکاتەوەو ڕەگەزی ڕووداو بە گرنگترین ڕەگەزی بنیاتی دەقی ڕۆمان ئەژمار دەکات " (جەلال ، ٢٠٠٩: ٣٥) ئەوەی لە چیرۆکدا دەبینرێت ڕووداوە هەڵدەکشێ تا دەگاتە ترۆپك ، دواتر لە ترۆپکدا وەرچەرخان ڕوودەدات ، بەرە بەرە ڕووداو دادەکشێ تا دەگاتە خاڵی ئاسایی بوونەوە ، ئەمە چێژێك و خۆشییەك دەبەخشێت ، زۆربەی ڕووداوە لاوەکییەکان لە ڕووداوە سەرەکییەکە چوزەرە دەکەن . سەرەتا ئەرستۆ کە لە ڕووداو دەدوێت

(هێلکارییەکەی "ستیوارت کریفشن")(جەلال ، ٢٠٠٩ : ٣٠)




فۆڕمی هەندێکیان پشووی کورتە ، بەڵام فۆڕمی ئەوانی دیکە پشووی درێژە ، لە نموونەی نۆڤێللا و کورتیلە چیرۆك ، لە ژانری نۆڤلدا ڕووداو لە فەزا و درێژیی و فۆڕمدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کورتیلە چیرۆک زیاتر و درێژتر و فراوانترە ، هەروەها لە نێوان کورتە چیرۆک و ڕۆماندا .

" ڕێچکەکانی ڕووداو لە ڕووی بنیاتی هونەرییەوە ، چوار جۆر ڕێچکەی سەرەکی دیاری بکەین لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا کە ئەمانەن : ١ ـ ڕێچکەی زنجیرەیی ٢ ـ ڕێچکەی تێکهەڵکێش ٣ ـ ڕێچکەی نۆبەتی ٤ ـ ڕێچکەی بازنەیی "(جەلال ، ٢٠٠٩ : ٩٧) ئەم ڕووداوانە هەریەکە بەجیا لە فۆڕمە بچووکەکاندا ، دەبیندرێن بەپێی بچووکی و گەورەیی ڕووداوەکە ، لە فۆڕمە گەورەکاندا زۆربەیان دەبیندرێن و چەندین جار دووبارە دەبنەوە ، لە یەکەمیاندا تیایدا کاتی فیزیکی پەیڕەو دەکرێت لە دووەمیاندا ڕووداوە لاوەکیەکان کە پەیوەندیان بە ڕووداوە سەرەکییەکەوە هەیە تێکدەچڕژێن ، دەچنە ناویەک ، لە سێیەمدا دوو ڕووداو بە تەریبی بەڕێوە دەچن یەکیان لە خاڵێک دەست پێدەکات لە خاڵێکی دیاریکراودا دەوەستێت و ڕووداوی دووەم دەست پێدەکات ، هەردووکیان بە نۆبە بەڕێوە دەچن ، چوارەم لە خاڵێک دەست پێدەکات دواتر دەگەڕێتەوە لە هەمان خاڵدا کۆتایی دێت ، وەکو بازنەیێک . "هیگڵ ئەدەب دابەش دەکات بۆ سێ جۆر بە پێی چەمکی گشتی یەکەمیان چیرۆکە بریتییە لە وێنا کردنی بابەتیانەی جیهانی لە خودی بابەتەکەدا ، بەڵام شیعری لیریکی بەوە پێناسە دەکرێ وێناکردنی خود و جیهانی ناوەوەی خود ، دراما بەوە پێناسە دەکرێت هۆکاری چڕکردنەوە و خەستکردنەوەیە "( ت . نصیف ،١٩٨٦ : ٧٩) جۆرەکانی ئەدەب یان ژانرەکانی ئەدەبی لە ڕووی بنەمای هونەرییەوە جیاوازن ، هەریەکەیان ڕووداو گەلێك لەخۆدەگرن ، بەپێی شێوە و فۆڕم و ناوەڕۆك لەخۆ دەگرن . " ئەم ئاوێنەیە ، هەر ئاسایی وێنەی ئەو ڕووداوە گرنگانە پیشان ئەدات کە خەڵکیان ئە هێنایە جونبوش ، یا وێنەی ئەوکەسانەی تیا بوو کە سوودیان بۆ گەل هەبوو ، وە بەکرداری جێگای بەرزیان بۆ خۆیان گرتووە ، بەم جۆرە لە یۆنان " ئیلیادە " لە فەرەنسە " بەیتی ڕۆلاند " لای ئەڵەمان " نیبێلۆنگ " لای فارس "شانامە " لە هیندستان " مەها بەهارتە " و " رامەیانە " و لە ئیسپانیا " بەیتی سەید " و لەناو ڕووسدا "ووشەیەك دەربارەی ئیگۆرۆڤ " و لە فینلەندە " کەلەڤالا " هاتە بەرهەم " (مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٧) " شیعری لیریکی بۆ چیرۆك و دراما ناشێ ، بەڵام چیرۆك بۆ دراما ، دراما بۆ چیرۆك شیاوە "( ت . نصیف ،١٩٨٦ : ٨٨) لە دۆخە ناوازەکان نەبێت ، شیعری گۆرانی بۆ چیرۆك شیاو نییە ، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری لیریکی ، یان شیعری گۆرانی ، بۆ چیرۆك ناگونجێت ، بەڵام بۆ چیرۆك و دراما کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە شێوەی پەخشان دەنووسرێن شیاوە ، دەتوانرێت دەقێکی چیرۆك بۆ دراما بەکاربێت ، پێچەوانەکەشی ڕاستە .

تەوەری دووەم

ڕووداو لە لیریك و ئیپیك لە ئەدەبی میللی کوردیدا :

سەرەتا ئەرستۆ کە لە ڕووداو دەدوێت "یەك ڕووداوی تەواوە "واتە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت " هەروەها ڕووداو لاسایی کردنەوەی کردارە "(عوسمان ،٢٠١٠ : ١٥-١٦) ڕووداو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا کارێکی باش یان دژ بەسەر مرۆڤەکان دێت و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە ، گۆڕانێکی ئاسایی یان نائاسیی لە ئەجامی ململانێ و هەڵکشانی ڕووداو بەرەو لوتکە دروست بوونی گرێ ، دواتر خاو بوونەوەی ، چارەسەر بوونی تەنگژە ، هەندێ جار وەرچەرخانێك دروست دەکات خوێنەرو بیسەر و تەماشاکەر چێژی لێ دەبینن لە دیمەنە خۆش و ناخۆشەکاندا . جۆرەکانی ڕووداو لە ڕووی پێکهاتەی هونەرییەوە دەکرێتە ڕووداوی سەرەکی و ڕووداوی لاوەکی . "ڕێچکەکانی ڕووداو لە ڕووی بنیاتی هونەرییەوە ، چوار جۆر ڕێچکەی سەرەکی دیاری بکەین لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا کە ئەمانەن : ١ ـ ڕێچکەی زنجیرەیی ٢ ـ ڕێچکەی تێکهەڵکێش ٣ ـ ڕێچکەی نۆبەتی ٤ـ ڕیچچکەی بازنەیی "( عوسمان ،٢٠١٠ : ٩٧) لە ڕووی ڕێچکەی هاتنیان چوار جۆرن کە زیاتر نووسەران بەکاریان دەهێنن وەک پێویستییەک و هەروەها بۆ ستاتیکا یان جوانی بەخشین بە ڕووداوەکە ، لەلایەکی دیکەوە ڕووداو مەرج نییە بەڕێچکە ئاساییەکەی خۆی ڕێز بکرێت وەک سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی یان پەیڕەو کردنی کاتی فیزیکی . لە فۆڕمە بچووکەکاندا چ لە پەخشاندا چ لە شیعردا کە فەزایان کورتە هەمان ڕێچکە بەکارنایێت ، لێرەدا جاری وا هەیە ڕووداو لە ناوەڕاستەوە دەست پێدەکات ، جاری وا هەیە ڕووداو لە کۆتاییەوە دەست پێدەکات ئینجا هەنگاو دەنێت بۆ سەرەتاو ناوەڕاست . "فۆلکلۆر نەبەستراوەتەوەبە چەرخ و زەمانێکی تایبەتی یەوە ، واتە ، وەك ئەدەبیاتی نووسراو نی یە کە بتوانێت بە ساڵ یا بە چەرخ ژمارە بۆ ڕێباز و چەشنی دابنێت "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٥) "ئەم باری سەرنجە ، لە مەنتیقەوە [ لۆژیکەوە ] بە تایبەتی لە ڕوخساری مەنتیقەوە [ لۆژیکەوە ] دوور نی یە ، بەڵام بۆ هەموو ئەدەبیاتی جیهان ـ فۆلکلۆر بناغەی ئەدەبیاتە ، ئەمە بۆ نەتەوەیەکی وەك ئێمەش کە فۆلکلۆرێکی فراوانی درێژ خایەنی زۆر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە کۆنە کراوەمان هەیە ڕاستە"( مستەفا ، ١٩٧٩ : ١٣) " چیرۆك لە ناو کورد دا حیکایەت یا " نەقڵ" ی پێ ئەڵێن و لە ناو کوردی لوڕدا ـ مەتەڵۆك ـ یشی پێ ئەووترێ . [ ، ] بەشێکی گەورەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی . [ ، ] چیرۆك بەرەو پێش چوونێکی مێژوویی ئەفسانەیەو لە ڕووی فۆرم و داڕشتنەوە لەو ئەچێت . [ ، ]هەرچەندە لە ڕووی کەرەسەو ناوەڕۆکەوە هەندێ جیاوازیان هەیە "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٣)

شیعر لە چەند دابەشکردن و پۆلین کردنێکیدا ، لە ڕووی ڕێبازە ئەدەبییەکانەوە و لە ڕووی فۆڕم وناوەڕۆکەوە دابەش دەکرێت بەسەر چەند جۆرێکەوە " شیعری کوردی لە ڕووی ڕوخسارەوە ، بە تایبەتی لە بابەتی قەوارەوە ، دەکرێ بە دوو بەشەوە یەکەمیان " لیریك " ، دووەمیان " ئیپیك " ئیپۆس "(خەزنەدار ، ٢٠٠١ :١٦١) لە ڕووی قەبارەوە هەندێ لە شیعرەکان ناوەڕۆکی ڕووداوەکانیان زۆر و فراوانن ، لە فۆڕمە بچووکەکانی وەک فەردا جێگایان نابێتەوە ئەگەر فۆڕمە بچوکەکە لە توانایاندا نەبێت ، شاعیران و نووسەران بەناچاری بۆ فۆڕمی گەورەتر گەڕاون

لیریک : شیعری گۆرانییە لە فۆڕمی بچوکدا ، زیاتر ئەو فۆڕمە شیعرانە دەگرێتەوە بۆ نموونە فەرد ، تەرجیع بەند ، قیتعە یان پارچە، غەزەل ، قەسیدە ." زاراوەی لیریك Lyric بەمانای غینایی دێت لە زمانی عەرەبیدا هەروەها لیریکی ئەویندارانە بەرامبەر; شیعری غینایی عاشقانە هاتووە "(سەجادی ، مەحمودی ، ٢٠٠٢ : ٩٨) شیعری لیریکی واتا شیعری گۆرانی کە لە فۆڕمە بچوکەکانی شیعری کۆنی کورد یان شیعری کلاسیکی کوردییە . " ناوەرۆکی شیعری لیریکی بەگشتی و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بۆ هەر سەردەمێك جیاوازە ، ئەم بۆچوونە بۆ فۆڕمییش ڕاستە "(ت. نصیف ، ١٩٨٦ : ٣٩) گوتەی ئەدەب ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆیەتی ، هەموو زاراوە نوێیەکان و پێشکەوتنەکان و کەلتورەکان ناکرێ لە سەردەمەکی خۆیانداڕەنگدانەوەیان نەبێت . " شیعری کلاسیزمی کوردی بە شێوەیەکی گشتی خودییە و دەربڕی ناخی تایبەتی شاعیرە و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ئەو مەبەستە شیعرییانەی بەکاریان هێناوە دەچنەوە خانەی شیعری لیریك "(حوسین ، ٢٠٠٧ : ٦٠) فۆڕمەکانی شیعری کلاسیکی زۆربەیان لیریکن لە نێوان فۆڕمی کورت و فۆڕمی درێژدا ، بەشێکی زۆری فۆڕمەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لیریکن ، چونکە شیعرەکان زیاتر خودیین شاعیران بۆ خۆشەویستەکانی خۆیان شیعریان گوتووە .

"ئەدەب لە دوای هەزاران ساڵ گەشە کردن ، ڕێزەکانی ئەدەب ڕێکدەخرێت ، بە گشت جۆرەکانییەوە ، چیرۆك و شیعری لیریکی و دراما ، دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی ، هەندێ ژانری سنووردار وەك نۆڤڵ "novella" و چیرۆکی بەر ئاگردان و "Epigram" "ئەو چیرۆکانەی کەلەسەر زاری باڵندەو ئاژەڵان دەگێڕدرێنەوە" fable ""(ت. نصیف ، ١٩٨٦ : ٤١) . " لە ڕووی فۆرمەوە گەورەیی و بچووکی قەبارەی کاری ئەدەبی گرنگی هەیە قەسیدە لە شیعری لیریکیدا یان گۆرانی ناتوانێ لە چوارچێوەی فۆڕمێکی گەورەدا بێت ، بە پێچەوانەوە داستان ناتوانێ لە فۆڕمێکی کورتدا بێت ، لەکاتی سەرهەڵدانی ژانرێکی نوێ دا کورتیی و چڕیی ، یان گەورەیی و درێژیی ، سیفاتی ناوەڕۆکیین "( ت. نصیف ، ١٩٨٦ : ٤٢) قەوارە فۆڕم وەکو جۆرەکانی پیلی کارەبا وایە هەندیکیان ڤۆڵتیان کەمە و هەندێکی دیکە ڤۆڵتی زیاترە .

لە لیریکدا چەندین فۆڕمی بچووك و فۆڕمی گەورە دەبینین ، بەڵام نوسەرانی ئیپیك فۆڕمە گەورەکانی وەکو داستان کە جگە لە ڕووداوە گەورەو سەرەکییەکە ڕووداوگەلێکی زۆری ڕووداوی لاوەکی تێدایە بەرجەستەی دەکەن ، بە کورتی لە لیریکدا چەندین فۆڕمی بچوک و گەورە هەیە وەکو فەرد و قەسیدە هەروەها لە نێوان لیریك و ئیپیکدا ، چەندین فۆڕمی بچووك و فۆڕمی گەورە هەیە وەک داستان ، شاعیران و نووسەران فۆڕمەکان بە پێی کەمی و زۆری ڕووداوەکان بەر لە نووسین دیاری دەکەن ئەو کاتە کالآیەکە بە قەد باڵایەکە دەدوورن . مامۆستا عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ ڕای وایە گۆرانی ئایینی کۆنترین جۆرە ، چونکە مێژووی ئایینەکان زۆر کۆنن بۆ نموونە ئایینی زەردەشتی لە پێش ئایینە ئاسمانییەکانەوە هاتووە ، بەڵگە بۆ کۆنی "هۆرەو سیا چەمانە " بە پێی ئەم دوو نیوە دێڕ شیعرە :

گۆرانی ، هۆرە، سیا چەمانە        قەدیم یادگار قەومی کوردانە .

هۆرە مێژووەکەی زۆر کۆنە سیاچەمانە لە هۆرەوە دروست بووە ، لە هەورامانەوە گەشەیان کردووە .

زمان نهێنییەکە لە نهێنییەکانی مرۆڤ لە دوای دەرکەوتنی نوسین ئەم نهێنییە گواسترایەوە بۆ هونەر، مرۆڤ لە ئەدەبدا زمانی بۆ هەر ژانرێکی ئەدەبی بە شێوازێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکار هێناوە . ئیپیک یان ئیپۆس یان داستان پێویستە پاڵەوانێکی ئازا و خۆشەویستییەکی مەزن و شەڕێکی گەورە هەبێت .

" لیریك بە پارچە شیعرێکی کورت و قەوارە بچووك دووترێ [ دەووترێ ] ، ئەمە تاك "فرد " ، چوارین " رباعیە" دوو بەیت ، پارچە "قیتعە " ، غەزەل ، قەسیدە و گەلێ شتی تریش دەگرێتەوە "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٦١) ئەم فۆڕمانە ئەگەر بەپێی ڕووداوی بابەتەکانیان بێت ، فەرد بریتییە لە دێرە شیعرێك کە لە دوو نیوە دێر پێکهاتووە ، بەڵام بە هەمان شێوەی فۆرمەکانی دیکەی شیعر واتا و مەبەستی تەواو دەبەخشێت ، بەڵام قەسیدە ژمارەی دێرەکانی زۆر لە فەرد یان تاك زیاترە و ڕووداوێکی سەرەکی و چەند ڕووداوێکی لاوەکی لێدەبێتەوە، هەر وەکو نامەکەی نالی بۆ سالمی شاعیر و هەروەها وەڵامی نامەکەی سالم بۆ نالی هەردوونامەکە لە شێوە یان فۆڕمی قەسیدەن . جۆرەکانی ئەدەب یان ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕووی بنەمای هونەرییەوە جیاوازن ، هەریەکەیان ڕووداو گەلێك لەخۆدەگرن ، بەپێی شێوە یان فۆڕم و ناوەڕۆك " شیعری لیریکی بۆ چیرۆك و دراما ناشێ ، بەڵام چیرۆك بۆ دراما ، دراما بۆ چیرۆك شیاوە "(ت . نصیف ، ١٩٨٦ : ٨٨) لە دۆخە ناوازەکان نەبێت ، شیعری گۆرانی بۆ چیرۆك شیاو نییە ، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری لیریکی ، یان شیعری گۆرانی ، بۆ چیرۆك ناگونجێت ، بەڵام بۆ چیرۆك و دراما کە بە شێوەی پەخشان دەنووسرێن دەگونجێت ، دەتوانرێت دەقێکی چیرۆك بۆ دراما بەکاربێت ، پێچەوانەکەشی ڕاستە . هۆرەو سیاچەمانە و لاوك و حەیران و بەیت سەرچاوەیەکن بۆ بەشێك لە گۆرانییە کوردییەکان .

لیریک واتا شیعری گۆرانی چەندین فۆڕمی گەورەو بچوک لە خۆ دەگرێت ، وەکو فەرد و موستەزاد و چوارین و پێنجین و قیتعە یان پارچە و غەزەل کە فۆڕمی بچوکن لەبەرامبەردا فۆڕمی درێژ هەیە وەکو قەسیدە کە بە لیریک ئەژمار دەکرێت ، نالی شاعیر " درێژترین قەسیدەی ئەو دوو " نەعت " ە یە کە بۆ پێغەمبەری وتووە ، یەکەمیان " ئەی ساکینی..." لە ٦٨ دێرە شیعر و دووەمیان " ئەلا ئەی نەفسی..." لە ٧٤ دێرە شیعر...قەسیدەی " قوربانی تۆزی ڕێگەتم " ٤٣ دێر و " مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە..." ٤٩ دێرە "(خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ٥٤) . ئەگەر لە ڕووداوی فەردەکە و قەسیدەکە بڕوانین ، فەرد فۆڕمێکە لە

فۆڕمەکانی شیعری کلاسیکی ، دەبینین لە فەردێکدا نالی دەڵێ :
سەوتی نەغمەی بلبلە یا چەهچەهەی خرخاڵییە

دەنگی سۆلە یا لە ژێر پێی ناڵەناڵی " نالی" یە

لەم فەردەدا ئەو دوو نیوە دێرە تەنها ڕووداوێکی سەرەکییە کە نازدار حەیران لەبەر دەمی نالی شاعیردا تێپەڕ دەبێت و بە دەنگی زرینگەی خڕخاڵەکانی پێی ئاوازێک خەڵق دەبێت ، ئەو ئاوازە ناڵە لە جەرگی نالیدا دروست دەکات . ئەم بابەتە شیعرە بۆ قسەییکی نەستەق یا پەندێکی پێشینان یا بیرێکی فەلسەفی یا وێنەیێکی جوان بۆ ژن و دڵداری و وەسفی سروشت دادەنرێ"( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ٥٥) فەرد یا فۆڕمی شیعری تاک بۆ وێنەیێکی جوان و سەرنج ڕاکێش یان بیرێکی فەلسەفی بەکاردێت ، بەڵام ئەگەر یەکێك لە قەسیدەکانی نالی وەرگرین کە نامە بۆ سالمی شاعیری هاوڕێی دەنێرێت لە شێوەی قەسیدە کە ٤٣ دێرە ، ڕووداوەکەی لە ڕووی قەبارەوە ئەم فۆڕمە تاکە یان فەردە قبوڵ ناکات ، کە لە فەردەکەی پێشوودا هاتووە ، بۆ نموونە نامەکەی حەزرەتی نالی بۆ سالمی شاعیر کە لە شێوەی قەسیدەدایە :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور. ئەی پەیکی شارەزا بە هەمو شاری شارەزور (عەبدالکریم ، فاتح ، ١٣٨٠: ٣٧) نالی لە شامەوە قەسیدەکەی بۆ سالم ناردووە ، ئەحواڵی شاری سلێمانی و میرنشینی بابان دەپرسێ لە دوای هێرشی ڕۆمییەکان ، لە سووتاندنی تەڕ و ووشك و یادگارییەکان و مزگەوت و حوجرەو و شوێنی جریدبازیی و ڕمبازیی و سەیران و هەموو کوچەو کۆڵانەکانی سلێمانی لە سالمی شاعیر دەپرسێ لە ٤٣ دێر شیعردا داوا دەکات ، زوو وەڵامی بداتەوە لەم کارەساتەی سلێمانی کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە بونیاد کردندا ، چی بەسەردا هاتووە ؟ ڕووداوێکی سەرەکی و چەندین ڕووداوی لاوەکی بەدی دەکرێت ، لە هەواڵ پرسینی نالی لە ئەحواڵی داگیرکاری ڕۆمییەکان بۆ پایتەختی میرنشینی بابان نامەیەک بۆ سالمی شاعیر دەنێرێت بۆ ئەوەی ورد و درشتی داگیرکارییەکە بزانێت ، لەو هێرشە دڕندانەیەدا تەڕو وشک بەیەکەوە دەسوتێنرێن هەموو گەڕەک و شوێنە پیرۆز و هەوارگەکان لە شاری سلێمانی تەخت دەکرێن ، گێڕانەوەی هەموو ڕووداوە جەرگبڕەکانی قەسیدەکە تیایدا ڕووداوەکان پانتاییەکی فراوان لە قەسیدەکەدا داگیردەکەن . " تەرجیع بەند بریتی یە لە کۆمەڵێك

غەزەل ، بە زۆری لە دوازدە پارچە غەزەل پێك دێ ، دەبێ ژمارەی دێڕی غەزەلەکان هێندەی یەك بن ، واتە غەزەلی یەکەم چەند دێڕ بێ پێویستە غەزەلەکانی تریش هێندەی ئەو بن ، لێرەدا هەر غەزەلێك لە دوازدە دێڕ تێناپەڕێ . هەموو غەزەلێکی تەرجیع بەندەکە بە دێڕە شیعرێکی دیاریکراو دووایی یان دێ "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٦٧) ئەم ڕێکخستنە بە پێی یاساو بنەما و داهێنانی شاعیر لە فۆڕمەکاندا ، هۆکارگەلێکن بۆ دەرخستنی ستاتیکای ئەدەب " بەگشتی ئەم جۆرە شیعرە "تەرجیع بەند " بۆ مەبەستی ئاینی بەکار دەهێنرێ ، دیارە لە بنەڕەتیش دا بۆ گۆرانی ئایینی دەهۆنرێتەوە لە مەولوود و کۆبوونەوەو کۆڕی زیکری دەروێشان گۆرانی بێژ بەدەم ئاوازی دەف و تەپلەوە غەزەلی یەکەم دەچڕێ تا دەگاتە دێڕی دووایی ئەمەیان کۆرسی دەف ژەنەکان یا دانیشتووان بە ئاوازەوە دەیگێڕنەوە ، غەزەلی دووەم یا هەر ئەو گۆرانی بێژە دەیچڕێ یا گۆرانی بێژێکی تر ، دیسانەوە دێڕی دووایی بۆی دەگێڕنەوە ، بەم جۆرە تا غەزەلەکان هەموویان تەواو دەبن "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٦٧-١٦٨) مەولودنامە ژیاننامەی پێغەمبەرە د.خ ئەوە دەهێنێ ، لە منداڵییەوە ، تا وەرگرتنی پەیام و بڵاوکردنەوەی و فەرموودەکان و ڕووداوە گرنگەکان و شەڕەکانی لەگەڵ نەیارەکانی هەر یەکەیان بە فۆڕمێك بخرێتە ڕوو ، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی سوود لە کارەسات و ئەزموونەکانی وەرگرێ . مامۆستا عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت : "هۆرەش زۆر بەجێ یە کە یەکێ بێت لە گۆرانی یە تایبەتەکانی "ئاهورا مەزدا"..یان هیچ نەبێ سەرچاوەکەی یەکێك بێت لە گۆرانی یە ئاینی یەکان "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٨٥) ) هۆرە کە لە پێش سیاچەمانەوە هاتووە ، یان سیاچەمانە لە هۆرە دروست بووە ، سەرەتا وەکو گۆرانی ئایینی ناسرا بوو بەر لە دەرکەوتنی ئامێری مۆزیک ئەم شیعرانە تەنها بە چەپڵە لێدان لە شێوەی گۆرانی دەگوترانەوە لە هەورامانی سەرکەشدا . " لیریك پارچە شیعرێکی کورتە لە مەبەسەکانی دڵداری و جووانی و سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و دانایی و ئایین و فەلسەفە و سۆفیزم و بزووتنەوەی دەروونی ئادەمیزاد و ناوەڕۆکی تر دەدوێ . بە زۆری جێگە و سەردەم و بزووتنەوە و قارەمانی زۆری تێدا نی یە ، لە بنە ڕەت دا ، لە کۆنەوە بۆ مەبەسی گۆرانی چرین دادەنرا "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٣٧) لە فۆڕمەکانی شیعری کلاسیکی زیاتر دەر دەکەوێت لە ڕووی ڕووداو و کات و شوێن و هتد.. لە ئەدەبی کوردی دا لیریك دەکرێ بە دوو بەشەوە :١ ـ شیعری لیرکی خۆماڵی ، ٢ ـ شیعری لیریکی ئیسلامی "ئیسلامەوی "" شیعری لیریکی خۆماڵی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەر یەکێکە لەگەڵ لیریکی

ئیسلامی ، تەنیا لە ڕووی ڕوخسارەوە لێ ی جیا دەبێتەوە ، بەوەی لیریکی خۆماڵی لە سەر کێشی سیلاب دەهۆنرێتەوە و بایەخێکی زۆریش بە یەکێتی قافیە نادرێ ، هەروەها ووشەو ڕستە و تەعبیری لیریکی ئیسلامی تێدا بەکار ناهێنرێ . ئەم لیریکە خۆماڵی یە تایبەتییە [تایبەتە] بە دیالێکتەکانی گۆرانی لوری و کرمانجی ی سەروو ، لە دیالێکتی کرمانجی خوارووداً نابینرێ ، لە ئەدەبی فۆلکلۆری دا نەبێ "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٧٣) گۆرانی کوردی خۆماڵیی و ئایینی ، لە هەندێك داب و نەریت لە یەك جیا دەکرێنەوە ، بە تایبەتی لە گۆرانی فۆلکلۆریدا لە وەسفی جەستەی ڕەگەزی بەرامبەردا ئەو زاراوانەی کەبەکاردێن لە گۆرانی ئایینیدا بەکار ناهێندرێن "ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە لیریکی خۆماڵی لە زمانی ستانداردی خەڵکی کوردەوە نزیکە ، لەبەر ئەوە دەشێ "شیعری میللی " یشی پێ بڵێین . زیاتر شاعیران ئەم شێوەیان گرتووە بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیێننە زۆربەی خەڵکی "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٧٣) لە شیعری ئایینی بە تایبەتی لە شیعری ئیسلامیدا ، بابەتەکانیان زۆر جیاوازن لە گەڵ شیعری لیریکی خۆماڵی یەکەمیان پەیوەندی بە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە هەیە دووەمیان کە شیعری میللییە کە نزیکە لە ئاکاری خەڵکەکە و زمانەکەیان " شیعری لیریکی ئیسلامی ، ئەم جۆرە شیعرە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەم بابەتانە پێك دێ : پاڕانەوە "موناجات ، ئیلاهیات " ، نەعت " پێداهەڵدان و پاڕانەوە لە پێغەمبەر " ، غەزەل ، وەسف ، پێدا هەڵدان " مەدح " ، شانازی " فەخر " ، ماتەمنامە "مەرسیە" ، ڕیسواکردن "هەجوو " ، شیعری کراوە " مەکشووف ""( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٧٤-١٧٦) ئەم بابەتانە هەندێك جار وەکو بابەتی خێرا لێرەو لەوێ لەگەڵ شیعری خۆماڵی تێکهەڵکێش دەکرێ!؟

ئیپیک : یان ئیپۆس ، داستان دەچێتە قالبی ئیپۆسەوە فۆڕمێکە بە شیعر لە شێوەی مەسنەوی دەنووسرێت ،هەر بەیتێک دوو نیوە دێرە سەرواکەی جیایە لەسەروا دوو نیوە دێری دوای خۆی مەسنەوییەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی هەروەها لە دیوانی مەولەوی"١٨٠٦- ١٨٨٢"ز کە لەشێوەی مەسنەوی نووسراوە بە ناو نیشانی تەدریس و تەقدیس کە لە سی و دوو بەیت پێکهاتووە .

تەدریس و تەقدیس ، تەمجید بێدەنگەن. حەسارەی تەقریر تەوحید بێڕەنگەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارچەی تەئلیفات شێخی موهاجر. گرانەن ، نییەن مشتەری و تاجر. (Vejinbooks.com)

یەکێک لە سیماکانی مەسنەوی هەردوو نیو دێر یان هەر بەیتێک سەرواى جیایە لە بەیتی پێش خۆی و دوای خۆی . "ئیپۆس ، بەرهەمێکی چیرۆك ئامێزە ، لە فۆرمی وێنەدا ، باری ژیان و بوونی گەل و پێوەندی کۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەو پێش چوونی مێژوویی دەر ئەخا "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٢ ) داستان فۆڕمێکی گەورەیە دەچێتە قالبی ئیپیکەوە ، بە شیعر دەنووسرێت ، ڕووداو گەلێکی زۆر گەورە لە کات و شوێنێکی فراواندا بەرجەستە دەکات ، گەورەیی شەڕ و خۆشەویستی مەزن و پاڵەوانی ئەفسوناوی لە خۆ دەگرێت . ."داستان هەڵس و کەوت لەگەڵ ئایین و شەڕ و سۆز و هیوا و خۆشەویستی و دۆستایەتی و پیاوەتی دەکات وێڕای ئاوەی بابەتی سەرەکی مردن و ململانێی مرۆڤە لەگەڵ ژیاندا••بەناوبانگترین داستان گلگامشە بەر لە چوار هەزار ساڵ کەسێتیە سەرەکییەکانی عەشتار و ئەنکیدۆ و گلگامشە"(www.uobabylon.edu.iq) داستانی گلگامش تا ئێستاش مرۆڤایەتی سوودی لێ دەبینێت کە بەر لە چوار هەزار ساڵ نووسراوەتەوە. "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٢ ) داستان فۆڕمێکی گەورەیە دەچێتە قالبی ئیپیکەوە ، بە شیعر دەنووسرێت ، ڕووداو گەلێکی زۆر گەورە لە کات و شوێنێکی فراواندا بەرجەستە دەکات ، گەورەیی شەڕ و خۆشەویستی مەزن و پاڵەوانی ئەفسوناوی لە خۆ دەگرێت" ئیپۆس " ...بە شیعرێکی درێژ و قەوارە گەورە دەووترێ ، دەتوانین گەلێ زاراوەی تر بۆ ئەم جۆرە هونەرە بدۆزینەوە ، وەکو چیرۆکی شیعری ، داستان ، مەلحەمە ، کورد خۆشی "بەیت "ی پێ دەڵێ بە تایبەتی وەکو زاراوەیێك لە ئەدەبی میللی دا بەکار دەهێنرێ "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٦١) داستان بە کۆمەڵێك خاڵ لە نێوان ژانرەکانی دیکە دەناسرێتەوە ، لێرەدا تەنها لە ڕووی فۆڕمەوە ژانرەکە لە فۆڕمی شیعریدا بە مەسنەوی دەنووسرێت ، جگە لەوەی ناوەڕۆکێکی مێژوویی هەیە . "هەندێ جار " پۆیەمی میللی " لە پۆیەمی داستان جیا ئەکرێتەوە ، چونکە ئەمیان ناوی خاوەنی دیار نی یەو پێ ی ئەووترێ " ئیپۆپیا " نەك " ئیپۆس " کە ئەویان خاوەنی ناسراوە ، ئەم ناوە بۆیە دانەنراوە کە ئیپۆسیا بکات بە ژانرێکی تازەی ئەدەبی و لە ئیپۆسی جیا بکاتەوە ، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەیە کە داستانی میللی لەو داستانە جیابکرێتەوە کە خاوەنی دیارە "(مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٥-٣٦) شیعری میللی لە شیعری داستانی بەوە جیا دەکرێتەوە ، یەکەمیان خاوەنەکەی دیار نییە خاوەنەکەی میللەت

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیەتی ، دووەمیان خاوەنەکەی دیارە ، جیاوازییان هەیە لە کورتی و درێژیدا . " زاراوەی ئیپۆس Epos واتاکەی لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی بە چیرۆکی سەرزارەکی هاتووە ، هەروەها زاراوەی Epic poetry بە شیعری حەماسی هاتووە ، هەروەها Epic theatre بە شانۆی حەماسی هاتووە "( سەجادی ، مەحمودی ، ٢٠٠٢ : ٣٠ )ئەم سێ زاراوەیە کە ئیپۆسیان پێوە لکاوە کە ئیپۆس و چیرۆکە شیعر و شیعری بەرەنگاری و شیعری شانۆییە . "ئیپۆس ، بەرهەمێکی چیرۆك ئامێزە ، لە فۆرمی وێنەدا ، باری ژیان و بوونی گەل و پێوەندی کۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەو پێش چوونی مێژوویی دەر ئەخا. " پۆیەمی میللی ، ئەوەی بۆ ڕووداوێکی گەورە تەرخان کرا بێت ، وەك ئاوێنەیەکی تایبەتی گۆرانییش تەماشا ئەکرێت "(مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٧) ڕووداوی گەورە بە چڕکردنەوەو کورتکردنەوەو خەستکردنەوە و ئاماژەکردن ، بە ئاوازێك لە دووتوێی گۆرانییەکدا پێشکەش دەکرێت ، هەرچەندە ڕووداوی گەورە لە فۆڕمی گەورەدا گونجاوە ، بەڵام هەندێك جار ڕووداوی گەورە لە فۆڕمی بچووکدا پێشکەش دەکرێت ، لێرەدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕۆڵ دەبینن وەکو درکە و خوازە و خواستن و تەنها ئاماژەکردن بە ڕووداوە زەقەکان ، زۆربەی گۆرانییەکان لە سێ خولەك تا پێنج خولەك تێپەڕ ناکات ، کەواتە ڕووداوەکە وەکو خۆی کە هەیە ناتواندرێت پێشکەش بکرێت لە سێ خولەکدا ، بەڵام لە لاوکدا کە پشووی درێژتر و فراوانترە ، زۆرجار ڕووداوەکە بە ووردەکارییەوە دەخرێتە ڕوو ، لە ئەدەبی عەرەبیدا " ئیپۆس " ...بە شیعرێکی درێژ و قەوارە گەورە دەووترێ ، دەتوانین گەلێ زاراوەی تر بۆ ئەم جۆرە هونەرە بدۆزینەوە ، وەکو چیرۆکی شیعری ، داستان ، مەلحەمە ، کورد خۆشی "بەیت "ی پێ دەڵێ بە تایبەتی وەکو زاراوەیێك لە ئەدەبی میللی دا بەکار دەهێنرێ "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٦١) داستان بە کۆمەڵێك خاڵ لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب جیادەکرێتەوە ، خاسیەتەکانی داستان "الأغاني الطويله" هەیە لە ئەدەبی کوردیدا داستانی مەم و زین و لاس و خەزال هتد.. هەیە هەروەها بەیت لە ئەدەبی کوردیدا لە نموونەی بەیتی شەریف هەمەوەند ، بەشاری چەتۆ و ئەمی گۆزێ ، عەزیز و تەکش...هتد ، زیاتر لە لاوکی کوردیدا بەرگوێ دەکەون "خاسیەتێکی " ئیپۆپیا " لە هێواش کردنەوەی ڕووداودایە...کاتی وا هەیە کارەساتەکە لە جێ ی خۆیدا ئەگیرسێتەوە ، بەڵام ڕاگرتنی ڕووداوو زروفێك لە چیرۆکدا پێك دێنێ کە باری سەرنج وئۆبجەکتیڤێتی ی بەهێز بکات...ڕێ ڕەوی ڕووداوو چیرۆك و پەرە سەندنیان ، بێ ئەوەی نووسەر خۆی بچێتە کۆڕەوە ، ڕێ ئەگرێتەبەر "(مستەفا ، ١٩٧٩

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

: ٣٩) خاڵی درەوشاوە یان خاڵی وەرچەرخان ، زیاتر بۆ جەخت کردنەوەیە لە کڕۆکی ڕووداوەکە ، زیاتر خاسیەتی هێواش کردنەوەی ڕووداو ، بۆ دەرخستنی جەوهەری بابەتەکەیە بۆ گوێگر یان خوێنەر " لە فۆلکلۆری کوردیدا گەلێك پۆیەم و ئیپۆپیا هەیە کە شەقڵە گشتی یەکانی داستانی جیهانی و داستانی فۆلکلۆریان تیا بەدی ئەکرێ و شەقڵی تایبەتی فۆلکلۆر و بەرهەمی کوردەواریشیان تیا دیارە "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٤٢) فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ هاوشانی فۆلکلۆری نەتەوەکانی دیکە لەزۆر ڕووەوە بە تایبەتی لە شەقڵە گشتییەکاندا جیاوازییەکی ئەو تۆیان نییە ، جگە لەمانە مۆرکی کوردەواریی بەزەقی دەبینرێت " داستانی کوردی ، هەرچەندە لە دیمەن و سیمای گشتی ی دا لەو داستانانە ئەچێت کە لە فۆلکلۆر و ئەدەبی نووسراوی گەلانی تردا هەیە...هەندێ شەقڵ و دابەشکردنی لە جۆری ناو دیمەنی داستانی کوردیدا دروست کردووە کە تایبەتی بەخۆیەتی[ تایبەتە بەخۆی ] لەسەر ئەم ئەنجامە ئەتوانین داستانی کوردی بکەین بەدوو بەشی بنەڕەتی یەوە ، داستانی قارەمانییێتی و داستانی دڵداری و ئەڤینی "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٤٣) دکتۆر عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، دابەشکردنێکی دیکەی بۆ داستانی کوردی کردووە ، ئەویش داستانی قارەمانییەتی لە داستانی دڵداری جیاکردۆتەوە لە نموونەی داستانی قارەمانییەتی داستانی قەڵای دم دم ، لەنموونەی داستانی دڵداری خەج و سیامەندە کە هەریەکەیان لە ڕووداوگەلێک پێکهاتوون . " جەنگ و شکۆمەندیی بابەتەکە و ئازایەتیی پاڵەوانەکەیەتی ، هەروەها ئەوین بەمەرجێك گەورەبێت "( پیرباڵ ، ٢٠٠٤ : ٣٨). داستان نەمری خۆی لە بەرجەستە بوونی جەنگ و پاڵەوانی ئازا و خۆشەویستی مەزن دا دەبینێتەوە " ئەو حیکایەتانە لە ڕووی داڕشتن و فۆڕمەوە هەر وەك ئەو بەیتی کوردی یە وابوون کە ئێستا لە کایەدان ، واتە حیکایەت خوان بە قسە ـ یا بلێین بە نووسینی پەخشان ـ ڕووداوی ناو چیرۆکەکەی ئەگێڕایەوەو لە هەندێ شوێندا بە ئاوازەوە دەنگی لێ هەلدەبڕی و دواندنەکەی بە شیعرو گۆرانی یەوە ئەگێڕایەوە "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٤٥) لێرەدا ئەو دەنگ هەڵبڕینە زیاتر بۆ جەخت کردن بوو لە خاڵی درەوشاوە و خاڵی وەرچەرخانی ڕووداوەکانە بەخۆشی و ناخۆشیەوە لە حیکایەتەکەدا هەروەها بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گوێگرە ، تێکەڵ کردن و ئاوێتە کردنی دوو ژانری ئەدەبی چیرۆك و شیعر کە تیایدا ناوەڕۆك و بابەت و جەنگ و خۆشەویستی مەزن ، ئەمانە گشتی مەرجی داستانە شیعرن. "خاسیەتێکی " ئیپۆپیا " لە هێواش کردنەوەی ڕووداودایە...کاتی وا هەیە کارەساتەکە لە

جێ ی خۆیدا ئەگیرسێتەوە ، بەڵام ڕاگرتنی ڕووداوو زروفێك لە چیرۆكدا پێك دێنێ كە باری سەرنج وئۆبجەكتیڤێتی ی بەهێز بكات...ڕێ ڕەوی ڕووداو و چیرۆك و پەرەسەندنیان ، بێ ئەوەی نووسەر خۆی بچێتە كۆڕەوە ، ڕێ ئەگرێتەبەر "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٩) بەكار هێنانی تەكنیكی گێڕانەوە لە هێواش كردنەوەی ڕووداودا زیاتر بۆ ستاتیكا یان جوانیناسییە هێواش كردنەوەی ڕووداو زیاتر تیشك خسنە سەر خاڵە سەرنج ڕاكێشەكانی ڕووداوەكەیە .

" داستان كاتێ لە جیاتی شیعر بە پەخشان بەیان دەكرێت ، ناوی لێ دەنرێت" ڕۆمان"كە ئەمەش ژانرێكی ئەدەبیی دیكەیە ، هەروەها جیاوازی ڕۆمان و داستان لەوەدایە كە بابەت لە ڕۆماندا ئەوینە و لە داستاندا جەنگە ، ڕۆمان بە پەخشانە و داستان بە شیعرە "( پیرباڵ ، ٢٠٠٤ : ٣٩). لێرەدا ڕۆمان و داستان دەكرێ جارێك بە پەخشان بنووسرێت و ناوی لێ بنرێت "ڕۆمان " جارێكی دیكە بە شیعر بنووسرێت و ناوی لێ بنرێت داستان هەروەها ڕۆمان بە پەخشان دەنووسرێت و داستان بە شیعر دەنووسرێت . خاسیەتەكانی داستان " قەسیدە بۆ ڕووداوی درێژ و قسەی زۆر بەكار دەهێنرێ ، بەتایبەتی ناوەڕۆكی قارەمانی و ڕووداوی كۆمەڵایەتی و هەندێ جاریش دڵداری و ئایین " موناجات و نەعت " و هی تریش . گیانی مەلحەمی و ڕووداوی چیرۆكی شیعری یا مەسنەوی یا داستانی خۆماڵی و ئیپۆس و پۆییێم ی " چیرۆكی شیعری تازە "ی ئەوروپایی حسێب بكرێ "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٦٦) قەبارەی بابەتەكە لە گەورەیی و زۆریی ڕووداو ، كاتی خایەنراو ، مەرجن بۆ فۆڕمی گەورە . " ئیپیك " ئیپۆس " ئەو جۆرە بەرهەمەیە كە گیانی چیرۆكی تێدایە لە جێ و سەردەم و قارەمان و جولانەوە لە ڕووی قەوارەو كێش و قافیەوە بەسەر دوو بەش دا دابەش دەكرێ ، بەیت و چیرۆكی شیعری " داستان بە مەسنەوی "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٦٩) ئیپۆس بە پێی ئەوەی قەبارەی گەورەترە لە لیریك ، لە شێوەی بەیت ، یان مەسنەوی كە هەندێك جار بە هەزاران دێڕ مەزندە دەكرێت ، هەروەكو مەسنەوییەكانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی "بەیت بە قەوارە زۆر درێژ نی یە ، زمانی میللی یە و ڕستەی ساكارە و زۆربەی خەڵك تێ ی دەگا . كێش خۆماڵی " سیلاب "یە و قافیەی ڕەنگاو ڕەنگە و لەسەر بنجی بەند "كووپلە" دادەمەزرێ بۆ مەبەستی گۆرانی ووتن دادەنرێ "(خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٦٩) بەیت دواتر لە لێكۆڵینەوەكەدا زیاتر ئاماژەی پێ دەكرێت " چیرۆكی شیعری " داستان مەسنەوی " بە قەوارە درێژە ، زمانی سفت و پتە و "كلاسیكی "یە ، زیاتر پێوەندی ی [پێوەندیی] بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێندەوارو ڕۆشنبیرەوە هەیە ، لە ڕووی کێشەوە عەرووزی . سیلابی یە ، لە ڕووی قافیەشەوە جووت قافیە " موزدەویج"ە "اا ب ب ج ج د د " "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٦٩) بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە تێکڕای دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکرێ بە دوو بەشەوە لیریك و ئیپیك ." ئیپیك " ئیپۆس " ڕووداو و بەسەر هاتە بە شیعر دەهۆنرێتەوە ، بە زۆری ناوەرۆکی لە ئیپۆسی فۆلکلۆر وەردەگرێ ، بەڵام شاعیری کورد بەو دەسکاری و داهێنانەی کە تێیدا خەرج دەکا بەرهەمێکی ڕەسەنی تازەی تۆمار کراو دێنێتە ناو ئەدەبی کوردی یەوە . ئیتر زۆربەی ئەم بەرهەمە شیعری یە درێژە دڵداری یە ڕۆمانتیکیانەیە لە بارەی سوار چاکی و قارەمانی و ڕاووشکار و شەڕ و شۆڕەوەیە "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٧٧) لە لاوکی کوردی قارەمانییەتی عەگید و ڕۆڵە ئازاو بە ئەمەکەکانی لە داستانە پڕ لە سەروەرییەکان بە دەنگێکی زوڵاڵ باس لە ئازایەتی و سوار چاکی ودڵداری و ڕاو شکار سەرکردەکان دەکرێت ، لە نموونەی بەیتی گەنج خەلیل و خەج و سیامەندا "ئیپیك لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەکرێ بە دوو بەشەوە : ١ـ بەیت . بەیت وەکو بابەتێکی چیرۆکی شیعری زیاتر بۆ مەبەستی گۆرانی چڕین دادەنرێ ، خەریکی دڵداری و خۆشەویستی و سروشتە ، هەروەها ڕووداوی مێژووی قارەمانیەتی و پاڵەوانی ی نەتەوە لە شۆڕش و جەنگ و بەرگری لە نیشتمان دەگرێتەوە . ئەم جۆرە شیعرە " بەیتی میرانی " شی پێ دەڵێن "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٧٧) "٢ـ چیرۆکی شیعری . چیرۆکی شیعری داستان و مەلحەمە و مەسنەویشی پێ دەڵێن ...ئەم جۆرە شیعرە پێوەندی یێکی ڕاستەو خۆی بە میللەتەوە هەیە ، هونەرێکی ڕەسەنی خۆماڵی یە ، ناوەرۆکی لە حیکایەتی بەرگوێ ی ئاگردان و گێڕانەوە و تاقی کردنەوەی پێشینان وەردەگرێ ، بەسەرهات و سەر و سەر بردەی قارەمانان و بنەماڵە و هۆز و عەشیرەتی کورد لە پێشانا دەبێ بە هەوێنی شیعری فۆلکلۆری "( خەزنەدار ، ٢٠٠١ : ١٧٧-١٧٨) بۆ درێژە پێدان بە ڕێچکەی قارەمانەکانی کورد پیاهەڵدان بە بەژن و باڵاو جوانی و شۆڕەسواری ، هۆکاری گرنگن بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ، ڕۆڵەی ئازاو دلێر .

بەشی دووەم : تەوەری یەکەم :

جیاوازیی نێوان لیریك و ئیپیك :

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێڕای ئەوەی کە لیریک و ئیپیک لە هەندێک ڕووەوە لەیەک دەچن ، بەڵام هەندێک ڕووی دیکەوە جیاوازن . " جیاوازیی بنەڕەتی ی ئیپۆس لەگەڵ لیریک دا ئەوەیە...کەرەسەی لیریك جیهانی ناو دەروونی ئادەمیزادە ، ئەو هەستانەیە کە لە ئەنجامی جموجووڵی ژیاندا دروست ئەبێ و دەر ئەپەڕێ...ئیپۆس ، لە ڕێرەوی گەشەسەندنیا مێژوویەکی درێژ و دەوڵەمەندی هەیە زۆر بەتین بەستراوە بە گەشە سەندنی گەلەوە...ئیپۆس کەلە خۆیدا ڕووداوێکی مێژوویی یە "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٢- ٣٣) لێرەدا لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە لیریك و ئیپیك جیاوازییان دەردەکەوێت ، دەروونی تاکێك ، هەرچەند فراوان بێت خۆی لە کەسێتییەك دەبینێتەوە ، داستان بە شیعر دەنوسرێت و کۆنترە لە ڕۆمان کە بە پەخشان دەنوسرێت . ئیپیك فۆڕمێکی درێژە ژمارەی ڕووداوەکانی لە لیریک زیاترە لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە مێژووەوە . " زۆربەی لێکۆلەران لەو بوارەدا ئەدەب دابەش دەکەنە سەر  سێ جۆر حەکایەت و شیعری گۆرانی و دراما ، هەر یەکە لەمانە لە ڕووی پان و پۆڕییەوە گەشەیان کرد ، لەگەڵ قۆناغەکانی مێژوودا ، بۆ نموونە حەکایەت بوو بە چیرۆکی هونەری ، دراما بوو بە میلۆ دراما"(ت . نصیف ، ١٩٨٦ :٢٠٦) چیرۆك بەگشتی بوو بە داستانی سەردەمی نوێ ، کورتە چیرۆك و کورتیلە چیرۆك.. هتد " ڕۆژ هەڵات هەمیشە خاوەنی لیریکی ڕەنگین بووە...سەرلە نوێ لە ئەدەبی نووسراودا داستان دێتەوە کایەوە ، گۆرکی ئەڵێت ، داستان دوو ڕێگە ئەگرێت : دیالۆگ و وەسف کردن ، ئەمە داستان لە دراما جیادەکاتەوە ، چوونکە دراما تەنیا " ووشەی پوختەکراو" بەکار ئەهێنێ "( مستەفا ، ١٩٧٩ :  ٣٣) دوو ژانری ئەدەبی ئەگەر جیاوازیان نەبێت کەواتە یەک ژانرن ، جیاوازی داستان لەگەڵ درامادا زۆرە هەر لە شێوەی نووسینەکانەوە داستان بە فۆڕمی مەسنەوی دەنووسرێتەوە کەچی دراما یان لە شێوەی پەخشانە یان فۆڕمێکی شیعرە جگە لە مەسنەوی . "ئەرستۆ چۆنیەتی گۆڕانی ناوەڕۆك بۆ شێوە یان فۆڕم ، ڕوون دەکاتەوە دەڵێ : چۆن ناوەڕۆك دەبێتە فۆڕم ؟ بینای هەر شێوە و ناوەڕۆکێك دیاریکراوە بە تایبەتی لە ڕووی تیۆرییەوە ، بابەتی ڕۆژانەیە دەبێتە بابەتی هونەریی ، بینای مەرگەساتەکان هۆکارێکە بۆ ئاشکرا کردنی مەرگەساتەکانی ژیان ، ئەو ناوەڕۆکە دەبێتە ڕوخسار ، هەروەکو لە گرێی ئۆدیبدا هەیە "(ت . نصیف ،١٩٨٦ : ٤٩) فۆڕم و ناوەڕۆك دوو ڕووی یەك دراون ، فۆڕم بە پێی قەبارەی ڕووداوەکانی ناوەڕۆك نەخشەی فۆڕمەکە دەکێشێت ، هەرچەندە ڕووداوەکانی ناوەڕۆك یان بابەتەکە ئاڵۆز و فراوان بێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

، پێویست دەكات فۆرمەكە بەقەد باڵای پەرەسەندنی ناوەڕكەكە و بنەما هونەرییەكانی جۆری ژانرە ئەدەبییەكە دیاریی بكرێت "داستان لە ئەدەبی فۆلكلۆری گەلاندا و لە ئەدەبی نووسراوەیاندا ، لە زۆر دیمەن و ڕوخساردا و لە ناوەڕۆكیشدا ـ زۆر بەناویەكدا چوو ـ ون و لە یەكتر ئەچن ، ئەم ڕاستی یە لەئەدەبی فۆلكلۆرو نووسراوی كوردیشدا هەر وەك ئەوەی گەلانی ترە "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٢) داستان لە فۆلكلۆری كوردی ئیلهامی لە ئەدەبی نووسراوی گەلان وەرگرتووە ، بۆیە لەیەكدەچن لە چوونە ناویەكدا " ئیپۆس ، بەرهەمێكی چیرۆك ئامێزە ، لە فۆرمی وێنەدا ، باری ژیان و بوونی گەل و پێوەندی كۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەو پێش چوونی مێژوویی دەر ئەخا "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٢) ئیپۆس وێڕای ئەوەی كە بە شیعری مەسنەوی دەنووسرێت ، بەڵام لە ڕاستیدا چیرۆک ئامێزە ."هەندێ جار " پۆیەمی میللی " لە پۆیەمی داستان جیا ئەكرێتەوە ، چونكە ئەمیان ناوی خاوەنی دیار نی یەو پێ ی ئەووترێ " ئیپۆپیا " نەك " ئیپۆس " كە ئەویان خاوەنی ناسراوە ، ئەم ناوە بۆیە دانەنراوە كە ئیپۆسیا بكات بە ژانرێكی تازەی ئەدەبی و لە ئیپۆسی جیا بكاتەوە ، بەڵكو تەنیا بۆ ئەوەیە كە داستانی میللی لەو داستانە جیابكرێتەوە كە خاوەنی دیارە "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٥-٣٦) مامۆستا عێزەدین ڕای وایە كە شیعری ئیپۆس خاوەنی دیارە بەڵام ئیپۆپیا خاوەنی دیارنییە خاوەنەكەی میللەت خۆیەتی . "پۆیەمی میللی ، ئەوەی بۆ ڕووداوێكی گەورە تەرخان كرا بێت ، وەك ئاوێنەیەكی تایبەتی گۆرانییش تەماشا ئەكرێت "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٣٧) شیعری میللی كە بۆ ڕووداوێكی گەورە بشێت بۆ گۆرانیش دەگونجێت.

تەوەری دووەم :

پراكتیزە كردنی لیریک و ئیپیک لە چەند نموونەییێكی كورت و درێژی شیعری میللی كوردی :

مارف خەزنەدار پێی وایە كە لەیلاو مەجنون و یوسف و زولیخا ڕۆمانە شیعرن ، هەروەها عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە قالبی داستاندا پۆلینیان دەكات !؟ ڕای هەردوو بیرمەندی ناسراو لە ئەدەبی كوردیدا لە نێوان دوو ژانری ئەدەبی ڕۆمانە شیعر و داستاندا دەخولێتەوە ، هەردوو ژانرە ئەدەبییەكە بە شیعر دەنووسرێن یەكەمیان ناوەڕۆكەكەی ڕۆمانئامێزە ، دووەمیان چیرۆكئامێزە ، هەردووكیان فۆڕمەكانیان لە تواناییندا هەیە ڕووداو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەلێک لە خۆبگرن . " پۆشکینی ڕووسی نووسینی لە هەر سێ چۆرەکەی ئەدەب هەیە چیرۆك و شیعری لیریکی و دراما ، بەڵام پێشەنگەکانی دیکەی جیهان وەك تۆلیستۆی بە نووسەری چیرۆك ئەژمار دەکرێ ، بایرۆن بە نووسەری شیعری لیریکی "(ت . نصیف ، ١٩٨٦ : ١٨)" ئاوێتە کردنی دوو ژانری ئەدەبی جیاواز لە بۆتەی ژانرێکی ئەدەبی نوێ و جیاواز لە هەردوو ژانرە ئەدەبییەکە ، ئەو ئاوێتەکردنە تەنها بەو نووسەرانە دەکرێ کە بە شێوەیەکی پراکتیکی نووسین و بەرهەمیان هەبێت زیاتر لە ژانرێکی ئەدەبی وەک پۆشکینی ڕوسیی شارەزایی لە سێ ژانری جیاواز هەبوو . " لە فۆلکلۆری کوردیدا گەلێك پۆیەم و ئیپۆپیا هەیە کە شەقڵە گشتی یەکانی داستانی جیهانی و داستانی فۆلکلۆریان تیا بەدی ئەکرێ و شەقڵی تایبەتی ی فۆلکلۆر و بەرهەمی کوردەواریشیان تیا دیارە "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٤٣) داستانە کوردییەکان لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە چی وایان لە داستانی گەلانی دراوسێ کەمتر نییە . " هەر هونەرمەندێك کە ڕوو لە هەر مەرگەساتێك دەکات ، کە لەلایەن نەوەکانەوە سەری هەڵداوە ، ئەگەر هونەرمەندێکی ڕاستەقینەبێت وەکو خۆی کە هەیە بەرجەستەی ناکات ، بەڵکو دەبێ دەوڵەمەندتری بکات کون و کەلەبەرەکانی پڕ بکاتەوە بەمەرجێك یەکێتی ڕێزەکانی تۆکمە بکات "( ت . نصیف ،١٩٨٦ : ٥١) هونەرمەند ئەوکارەی کە بەنیازە بەئەنجامی بگەینێت ، دەبێ لەوەی کە هەیە جوانتری پێشکەش بکات ، ئەگەر وەکو خۆی پێشکەشی بکات ، هونەرەکەی لەدەست دەدات ." داستانی کوردی ، هەرچەندە لە دیمەن و سیمای گشتی ی دا لەو داستانانە ئەچێت کە لە فۆلکلۆر و ئەدەبی نووسراوی گەلانی تردا هەیە...هەندێ شەقڵ و دابەشکردنی لە جۆری ناو دیمەنی داستانی کوردیدا دروست کردووە کە تایبەتی بەخۆیەتی [ تایبەتە بەخۆی] لەسەر ئەم ئەنجامە ئەتوانین داستانی کوردی بکەین بەدوو بەشی بنەڕەتی یەوە ، داستانی قارەمانییێتی و داستانی دڵداری و ئەڤین "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٤٣) " ئەو حیکایەتانە لە ڕووی داڕشتن و فۆڕمەوە هەر وەك ئەو بەیتی کوردی یە وابوون کە ئێستا لە کایەدان ، واتە حیکایەت خوان بە قسە ـ یا بلێین بە نووسینی پەخشان ـ ڕووداوی ناو چیرۆکەکەی ئەگێڕایەوەو لە هەندێ شوێندا بە ئاوازەوە دەنگی لێ هەڵوەبڕی و دواندنەکەی بە شیعرو گۆرانی یەوە ئەگێڕایەوە "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٤٥) " گەورەترین ئیپۆسی کوردی ، بەتایبەتی ئەوەی کەرەسەی مێژوویین و فۆلکلۆری تەواو دەربارەی ما بێت ئەوەی بەیتی" قەڵای دمدم "ە... ئەم ئیپۆسە خەباتی ساڵانی 1608 ـ 1610 ی کوردان ئەگێڕێتەوە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکردایەتی ئەمیر حانی یەك دەست ، ڕووبەڕووی شا عەباسی یەکەم "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٥٣). " ڕەنگە ئازایەتی ی ناو ئەم داستانانە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی بەدەر نەبێ...لەم کۆڕەدا ئەتوانین ناوی دەیان ـ داستان بنووسین وەك : بەیتی شەریف هەمەوەند ، بەشاری چەتۆ و ئەمی گۆزێ ، عەزیز و تەکش...هتد "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٤٦) " لەم داستانانەدا تەواو وێنەی قارەمان و بە جەرگی ی پیشان ئەدرێت " سوارۆ " خۆی قارەمانی داستانی"سوارۆ" یە لە داستانەکەدا تەواو وێنەی نەبەردی ئەو پیشان ئەدرێت :

سوار مەزنی ، بە منی مەزنی

سەرت لە پۆڵای چنگت لە ئاسنی

هەر قەڵاتەکی دەچی پێ ئەتۆی لە بنی

هەر حاکمێکی زەڕەندەیە ئەتۆی لە کنی

شا لەسەر تەختی ئەو لایە لەبەر سامی تۆ ناسەکنی

سوار ئەمن ئەوێ ڕۆژێم پێ جوان بووی

دەستت دەدا شێرێکی فەنەر... داستانی قارەمانییەتی کە باس لە ئازایەتی و سوارچاکی و نەبەردی و قارەمانییەتی تیادا بەرجەستە کراوە. "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٤٦) ڕووداو لەڕێچکە ئاساییەکەی خۆیان کە لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتاییە خۆیان دەنوێنن "(جەلال ، ٢٠٠٩ : ١٣) ئەم سیستەمە بۆ ڕۆمانە شیعر شیاو نییە! ئەگەر هەر ڕووداوێك ، سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت زیاتر بۆ ڕۆمان گونجاوە . بۆ ڕۆمانە شیعر لە بابەتی هەردوو ژانرە ئەدەبییەکەدا ڕووداوگەلێك دەبینرێت ، بەڵام بۆ جەنگ و خۆشەویستی مەزن بۆ ڕۆمانە شیعر مەرجی سەرەکی نین !؟ هەندێک جار ڕووداو لە ناوەڕاستەوە ئاماژەی پێدەکرێت بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە وەک درکە ، خوازە ، خواستن ، لە شیعردا ناتوانرێت ڕووداو وەکوخۆی بنووسرێتەوە . " گەورەترین ئیپۆسی کوردی ، بەتایبەتی ئەوەی کەرەسەی مێژوویین و فۆلکلۆری تەواو دەربارەی ما بێت ئەوەی بەیتی" قەڵای دمدم "٥... ئەم ئیپۆسە خەباتی ساڵانی ١٦٠٨ ـ ١٦١٠ ی کوردان ئەگێڕێتەوە بە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکردایەتی ئەمیر خانی یەك دەست ، ڕووبەڕووی شا عەباسی یەکەم "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٥٢) بەیتی قەڵای دم دم کاتێکی هەستیار و نەهامەتی لە مێژووی خەباتی گەلی کورد دەگێڕێتەوە ، ئەم ڕووداوە ئاوارە بوون و دەربەدەر بوونی شیعە مەزهەبەکان لەنەتەوە جیاجیاکانی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان ، لە کاتی ململانێیاندا لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی شیعە مەزهەبی ئیسلامی ، دەگێڕێتەوە کە خۆی لە هەزاران کەس دەدا ، شا ئیسماعیلی سەفەوی داوا لە خانی لەپ زێڕینی سەرۆك عەشیرەتی سەربەرزی برادۆست دەکات نزیکەی دوو هەزار زیاتر لەو پەنابەرە دەرکراوانە ، لە خۆیان بگرن ، لە ئاکامدا خان ئەم بریارە ڕەت دەکاتەوە ، چونکە نەتەوەی کورد پەیوەندی بەم ململانێ یە مەزهەبییەوە نییە ، بڕیار دەدات لە قەڵای دم دم بەرگری بکات . جگە لە سیاسەت و نەتەوایەتی ، هەندێك لە بەیتەکان ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرن ، بەڵام داستانە کوردییەکان زیاتر ناوەڕۆك و ڕووداوەکانیان پێوەندیان بە ئازایەتی و نەبەردییەوە هەیە ، چونکە بە درێژایی مێژوو میللەتی کورد لە ململانێدا بووە لەگەل نەیارەکانیدا ، داستانی قەڵای دم دم شەڕێکی گەورە ، قارەمانییەتییەك لە پێناو خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا ئەنجامدرا ، ئەم داستانە سەروەرییەکی گەورەیە ئەگەر خیانەت نەبووایە کوردانی برادۆست سەرکەوتنێکی گەورەیان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار دەکرد .

"داستانی قارەمانی کورد ، کەرەسەیەکی دەوڵەمەندە بۆ ووردبوونەوە لە گەلێك ڕووی ژیان و ڕابوردووی کورد ، لێرەشدا زۆر بەڕۆشنی کەرەسەی خوو ڕەوشت و سروشتی کوردان ئەبینین ، ئەم داستانانە هۆیەکن بۆ جێگیر کردنی مێژوو و تەخت و بەختی ڕابوردوو :

لەوێ دەورم دەنۆڕی

لەوێ زەمانم دەنۆڕی

لەوێ دەوری " قوبادخان " م دەنۆڕی

لە دەوری شاهی ئەنەوشیروانم دەنۆڕی

هەتا ئەوێ زەمانێ

هەتا دەوری قوبادخانێ

هەتا دەوری شاهی ئەنەوشیروانێ

هەتا دەوری جومجمە سوڵتانێ

یەکێکم نەدیت وەکو سولەیمان بەگی میری هەریرێ

لە دیوانی پیسەڕۆمیان هەڵ بستێ بەگرانی

ئەو ڕۆکە سەری من دەیشێ

دڵی لەشکری ئاریانی قەت هێدی نابێ

لەبەر گریان لەبەر ئەوان هوردە گلەیی یان

ئەگەر ڕۆژم لێ هەڵ هاتبا لە هەموو قەدەم و حەوشاران

دەداتن لەسەری هەریر و هەریر بەگیان "( مستەفا ، ١٩٧٩ : ٤٧)

ئەم داستانە کە بە مەسنەوی نە نووسراوە وەکو چیرۆکە شیعرێک ڕووداوەکەی باس لە دەورو زەمانی میرە کوردەکان دەکات یەکە بەیەکە قوباد خان و ئەنەوشیروان ، بەڵام سولەیمان بەگی شارۆچکەی پیرە هەریری لە هەمووان جیادەکاتەوە بە شان و باڵیدا هەڵدەدات " ئەوەی لە " لاوك " دا پتر سەرنج ڕادەکێشێت ، سروشتی ناڕاستەوخۆی ئاڕاستە کراوی پەیامەکەیە ، ئەم سروشتە ، پەیامگر " سوارچاك ، ئەویندار...هتد" ڕادەکێشێتە ڕێزی پێشەوەی ڕووداوەکان و پەیامدەر : " لاوکبێژ " لە سێبەری پەیامەکەدا ڕادەگرن ، بەڵام ئەو ڕۆڵبەندییە ، وابە سادەیی و ڕاستەوخۆ لە " لاوك "ە کەدا دەرناکەوێت ، بەڵکو لە پێشدا بە پاڵێوگەی پێوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان چەمکی " پەیام ـ چیرۆك " و " پەیامدەر ـ پەیامگر " و " کاتی مێژوویی ـ کاتی گێڕانەوە " و گەلێ پێوەندی دیکەی نێوان بنیاتە جیاوازەکانی " لاوك " دا تێدەپەڕێت "(بەکر ، ٢٠٠٤ : ١٣٠) لاوک و حەیران تایبەتە بە هونەر و ئەدەبی میللی کوردیی ڕەسەنەوە ، دیارە هەر بابەتێکی هونەری یان ژانرێکی ئەدەبی ئەگەر لە ڕووی بنەمای هونەرییەوە جیاواز بێت کەواتە سەربەخۆیە لێرەدا لاوک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و حەیران و مەولودنامە هەرسێکیان تایبەتن بە هونەر و ئەدەبی کوردییەوە مۆرکی کوردایەتی زۆر بەزەقی تیایاندا بەدی دەکرێت ، لەم لاوکەی سەرەوەدا ، لاوکبێژ پەیامێک ئاڕاستەی گوێگران و خوێنەرانی دەکات تیایدا باس لە شەهامەتی و ئازایەتی و سەردانەنواندنی میرە کوردییەکان دەکات بەرامبەر بە داگیرکەرە ڕۆمییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

" زەمبیلفرووش لاوکێ ڕۆڤاڵە

بەکفێلت و ئەهل و ئەیالە

حوسنیا یووسف لە بالە

دەس لە کورسی سەنعەتی "( بەکر ، ٢٠٠٤ : ١٥٩)

لاوکی زەمبیل فرۆش باس لە ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش دەکات کەسێتی مرۆڤی کورد لە کەسێتی زەمبیل فرۆشدا بەرجەستە دەکات ، ئەم لاوکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کەسێت زەمبیل فرۆشدا باس لە دەست و دەم و داوێن پاکی مرۆڤی کورد دەکات ، کاتێک کۆڵان کۆڵان دەگەڕێت توشی خەڵکانێک دەبێت هەوڵی لە خشتەبردنی دەدەن ، بەڵام زەمبیل فرۆش خواناس و ڕەوشت بەرز و دەست پاکە ، وەکو دەروێشێک جگە لە پارووی حەڵاڵ چاوی هیچ کارێکی دزێو نابینێت .

" لەم دەقەی خوارەوەدا ـ کە بەشی یەکەمی " لاوکی چەتۆ " یە

سبەیە سبە زووە سبەیە سبە زووە

چەتۆیێ ئاغا بێ گران لە خەوێ شیرین ڕابووە

سبێ بانگا گازی شیرنێ دەلالێ خۆ کردیە

کچکێ دینێ دەلالێ شیرنێ ماڵ خرابێ ئەمان چما ئەتوو نزانی

ئەمن ئەو شۆکە خەونەکی گەلە گەورەو قەبیعاتم دیتیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمان لخەونێ مندا وەبیە

تۆزەکێ قالبێ من تێك چووە

نارە نارەك و نرکە نرکەك لە سینگی من دەرپەڕیە

کە تیتەوە ناو چەمیە

چەند کێروشکی لەلانانە

چەند شێری لە بێشانە

چەند کەوێ سەر هێلکانە

چەند ڕێوی لە چۆمانە

چەند حەیوانێ لە دەحلان و لە بەڕیان و لە بەحرانە

فەرخێ خۆو هێلکێ خۆو کلکێ خۆیان وە دەوێ خۆ گرتینە

کچکێ دەلالێ مال خراپۆ لعاردێ بێ دەرێ دەشتێ مەلیك سینۆیێ کەتینە

ئەمان تەیرۆ تارێ بە گۆشتێ وان دەعبایان و بەرازان هەموو خەنی

لێ لاوۆ لێ لاوۆ لێ لاوۆ لێ لاوۆ لێ لاوۆ لێ لاوۆ

عەگیدێ سەرێ مەیدانێ بابێ مستێ لۆرم زراوۆ "( بەکر ، ٢٠٠٤ : ١٥٩) لاوک کە لە شێوەی گۆرانی خاو لەلایەن لاوک بێژەوە دەچرێ بە ئاوازێکی غەریبی خۆش .لەم لاوکەدا چەتۆ ئاغا لە دیوەخانی خۆیدا خەونێکی قەباحەتی بینیوە کاتێک کە لە خەو هەڵدەستێت ، خەونەکە بۆ نازدار حەیرانێ دەگێڕێتەوە بەم شێوەیە ، لە خەونیدا قەلبی تێکچووە و نارە نارەک یان ئاگرێک لە سینگی وی دەرپەڕییە کەوتیتە ناو چۆمە ئاوێ ، دەسەڵاتی نەماوەو تووشی دەربەدەری بووە میللەتەکەی ئاورە بوونە ، چەند کەروێشک لە لانەی خۆی و چەند شێر لە بێشەڵانێ چەند کەو لەسەر هێلکان ، چەند ڕێوی لەم چۆمانەدا ، چەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حەیوان لە دەشت دەرو سەحرادا، فەرخەو هێلکە و کلکی خۆیان بەدوای خۆیان خستووە لە زەوی مەلیک سینۆیێ لەو گۆڕەدا کەوتینە ، تەیر و تارو دەعبا بە گۆشتی ئەوان خەنی بووینە. " لە " بەیت " ە کاندا ، ئەو ئەدگارانەی " گۆرانی " بەو ڕێکییە نابینرێن . بە دەربڕینێکی وردتر ، لە پاڵ هاو ڕیتمی نزیکی ئەو دوو جۆرەدا ، هاوکێشی تەواوی دێرەکانی " بەیت " دا " بەشێك لە گێرانەوەکان بە شیعر دەبن و هەندێکیشیان بە پەخشان "( بەکر ، ٢٠٠٤ : ١٣١) " ئەوەش وێنەیەکی تەواوە لە ڕێزکردنەکەی " د . خەزنەدارە لە مێژووی ئەدەبی کوردی تازە دا" حەیران و لاوك "" بەیت "" شیعری گۆرانی " "( بەکر ، ٢٠٠٤ : ١٣٣) لە هونەر و ئەدەبی میللیی کوردیدا لاوک و حەیران تایبەتمەندی تایبەتی خۆیان هەیە ، بەڵام بەیت زیاتر خۆی لە داستانە شیعردا دەبینێتەوە . " تەکتیکی " لاوك " لەو ڕووەوە کە مەودایەکی کاتی و پانتاییەکی ڕووداوی فراوانی هەیە تا ڕادەیەکی زۆر لە تەکنیکی " چیرۆك " نزیك دەبێتەوە "( بەکر ، ٢٠٠٤ : ١٣٠) حیکایەتی سوڵتان مەحمود و حەبیبی نەجاڕ " جارێك سوڵتان مەحمود داوا لە حەبیبی نەجاڕ دەکات کە ٤٠ بارە حوشتر کای پاشماوەی پرینەوەی دار بۆ ماوە ٢٤ سەعات ئامادە بکات ، ئەگەر ئەم مەرجە جێ بەجێ نەکات لە سێدارەی دەدات ، مەحاڵە ئامادە کردنی ژنەکەی پێی دەڵێ خوا لە سوڵتان مەحمود گەورە ترە...پێی دەڵێ " حەبیبی نەجاڕ وەرە بنووین وەکو جار خوا یەکەو دەرگای هەزار"*...مۆڵەتی سوڵتان مەحمود تەواو دەبێت بەیانی زوو لە دەرگا دەدرێت ، حەبیبی نەجاڕ لەرزی لێ دێ دەڵێت : ژنەکە بڕۆ دەرگاکە بکەرەوە ، ئەوا هاتوون من بدەن لە سێدارە ، دواتر ژنەکەی دەرگا دەکاتەوە دەڵێ : حەبیب موژدەم بدەرێ ، ئەوانە هاتوون ئەڵێن ، حەبیب دارە مەیت بتاشێ بۆ سوڵتان مەحمود "(ئیبراهیم ، ٢٠٠٦ : ٥٩) ئەم حیکایەتە زیاتر بۆ کەسانێکی دەسەڵاتدارە کە زوڵم زۆر لە خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەکەن ، بەڵام لە بیریان چۆتەوە کە خۆشیان لە هەمان مەعدەنی ئەو مرۆڤانە دروست بوون ، کە غەدریان لێدەکەن خوای گەورە ڕۆژێک لە ڕۆژان حیسابیان لەگەڵدا دەکات و سزایان دەدات .

ئەنجام

١- لەئەدەبی میللی کوردیدا لیریک بە ڕووداوی کورت و ئیپیک بە ڕووداوی درێژ دەناسرێتەوە .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢-لیریک و ئیپیک لە ئەدەبی میللی کوردیدا کۆنە ، هۆرە و سیاچەمانە لەسەردەمی ئاڤێستا و پێش ئەو کاتەش هەبووە .

٣-لە هەرچوار جۆرەکەی ڕووداو (زنجیرەیی ، بازنەیی ، بەیناو بەین ، تێکهەڵکێش) نموونەیان لە ئەدەبی میللی کوردیدا بوونیان هەیە .

٤-لیریک و ئیپیک جگە لە فۆرم و فەزا ، لە ڕووی کورتی و درێژیی و زۆری کەسێتی و فراوانی شوێنەوە لە یەک جیاوازن.

٥- جیاوازیی بنەڕەتی ئیپۆس لەگەڵ لیریك دا ئەوەیە ، کەرەسەی لیریك جیهانی ناو دەروونی ئادەمیزادە ، ئەو هەستانەیە کە لە ئەنجامی جموجووڵی ژیاندا دروست ئەبێ ، ئیپیک مێژوویەکی درێژ و دەوڵەمەندی هەیە زۆر بەتین بەستراوە بە گەشە سەندنی گەلەوە ، ئیپۆس هەر لە خۆیدا ڕووداوێکی مێژوویی یە .

لیستی کتێبە کوردییەکان :

١- بەکر ، د . محەمەد ، ٢٠٠٤ ، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر

٢- پیرباڵ ، فەرهاد ، ٢٠٠٤، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە، هەولێر

٣ خەزنەدار ، دوکتۆر مارف ، ٢٠٠١ ، مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ، بەرگی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ،هەولێر .

٤- حوسێن ، د. هیمداد ، ٢٠٠٧ ،ڕێبازە ئەدەبییەکان ، هەولێر دەزگای چاپخانەی ئاراس .

٥- حەسەن ، مەولود ئیبراهیم ، ٢٠٠٦ ، هێلکەی نامێ ، کۆمەڵێك ئەفسانەو حیکایەتی جۆراو جۆری فۆلکلۆریی نێو کوردەواری ، هەولێر.

٦- حەسەن ، جەلال مەلا خۆشناو ، ٢٠٠٦ ، مریەم خان ، هەولێر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٧- سەجادی ، بەختیار و مەحمودی ، محەمەد ، ٢٠٠٢، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٨- شارۆخ ، عەزیز ، ٢٠٠٢ ، چیرۆکی بەیتی کوردی ، کۆکردنەوەو ئامادە کردنی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .

٩- مدرس ، مەلا عەبدالکریمی ، عبدالکریم ، فاتح ، دیوانی نالی ، ١٣٨٠ هەتاوی ، کوردستان لە سنە

١٠- محەمەد ، میران جەلال ، ٢٠٠٩ ، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا ، سلێمانی .

١١- مستەفا ، ڕێزان عوسمان ، ٢٠١٠ ، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا ١٩٨٥-١٩٩٠، هەولێر .

١٢-مستەفا ، عێزەدین ڕەسوڵ ، ١٩٨٩ ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، بەغدا .

١٣-مستەفا ، عێزەدین ڕەسوڵ ، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، زانکۆی سلێمانی

لیستی کتێبە عەرەبییەکان :

١٤- ت . نصيف ، الدكتور جميل التكريتي ، موسوعة نضرية الادب ، قضايا الشكل والقصص الشعبي البطولي، اي . ايسبور غ / ك د كاجي، ف . ف . كوزينوفا / اي . م . ميليتسكي ، ، بغداد ، سنة١٩٨٦.

١٥-دیوانی مەولەوی ، کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، بەغدا : ١٩٦١

سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان :

www.vejinbooks.com سنە : انتشارات كردستان ، ٢٠١٠ .

١٦- كلية الفنون الجميلة ،القسم التربية الفنية ، استاذ المادة فاتن حسين ناجي حسين الطائي٢٤ /٢٠١٤/٥. WWW.Uobabylon.edu.iq

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The event in the poetry of long and short songs in Kurdish folk literature

**Dr Azad Mohammed Saed**

Department of Kurdish, College of education, Koya University, Erbil, Iraq

**Abstrac**

Songs are divided into different forms, according to the criteria used between one division: art, songs, folk songs and folk songs i.e. traditional epic dealing with events and things from our worldly world such as man, nature, love, adventure, friendship, war, nostalgia, aspirations, hatred, memories, and masculinity, in addition to its main theme death And a struggle for survival and its attachment to life, on the one hand the characters are the heroes of the epics, most of them are human beings around a human being who cares about his accomplishments and his exploits and his heroic, the epics are concerned with life and problems and passion and the riddle of death and life and the world after death and eternity and A witness to this sees the epic of Gilgamesh, and one of his most important personalities is Gilgamesh, Ankido and Ishtar. This epic was written four thousand years ago in cuneiform in the time of the Sumerian, Assyrian and Babylonian. The first section defines and the concept of poetry, songs, and epics, and in the branch, poetry deals with songs and epics in theory, and in the second topic in the first section, the difference between poetry, songs, and epics, in the second branch of the second topic, the research deals with samples of Kurdish poetry and lyrics. Zj of Kurdish epics, where he concludes with a summary and Balkhatmh in Arabic and English with a list of sources in Kurdish and Arabic.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(1)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الحدث في شعر الأغاني الطويلة و القصيرة في الادب الشعبي الكوردي

## ملخص

تقسم الأغاني الى اشكالا مختلفة، تبعا للمعاير المستخدمة بين شعبة واحدة هي الفن والاغاني و الأغاني الشعبية والاغاني الفولكلورية أي التقليدية الملحمة تتعامل مع الاحداث و أشياء من عالمنا الدنيوي مثل الانسان والطيبعة والحب والمغامرة ، والصداقة والحرب والحنين والاماني والحقد والذكريات والرجولة ، إضافة الى موضوعها الرئيسي الموت وصراع من اجل البقاء وتشبثه بالحيات ، من الجانب الشخصيات ابطال الملاحم اكثرهم من البشر حول فرد من البشر تهتم بمنجزاته و مآثره وبطولاته ، يهتم الملاحم بالحياة ومشاكل والعاطفة ولغز الموت والحياة وعالم ما بعد الموت والخلود وخير شاهد على ذلك ملحمة الكلكامش ومن اهم شخصياته كلكامش وانكيدو و عشتار ، هذه الملحمة مكتوب قبل أربعة الاف سنة بالخط المسمارية في زمن السومري والاشوري والبابلي ، يتناول البحث الحدث في شعر الأغاني الطويلة والقصيرة و الحدث في الملاحم في الادب الكوردي الشعبي ، حيث يتناول المبحث الأول الفرع الاول تعريف و المفهوم للشعر الأغاني والملاحم ،وفي الفرع يتناول الشعر الأغاني والملاحم من الناحية النظرية ، وفي المبحث الثاني في الفرع الأول الفرق الحدث بين الشعر الأغاني والملاحم ، في الفرع الثاني من المبحث الثاني يتناول البحث نماذج من شعر الأغاني الكوردية ونماذج من الملاحم الكوردية ، حيث يختتم البحث بالخاتمة و الخلاصة باللغة العربية و الإنجليزية مع قائمة المصادر باللغة الكوردية واللغة العربية .